National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی تەندروستی

## یەکەمین راپۆرت: کێشەی کەمی پزیشك

تشرینی یەکەمی 2017

1/11/2017

## پێرست


| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |


بەشی یەکەم: ناساندن

1. پێشەکی
2.کارنامەی یەکەکە
3.ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

# 1.پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێك لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.
دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەك زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.
ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تاڕادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.
کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (24) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەك هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێك لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.
بۆ مانگی یەکەمی کارکردنی ئەم پرۆژەیە، بۆ بەشی پەروەردە، پرسی ژمارەو جۆر و دابەشبون و کێشەی بینای خوێندنگەو قوتابخانەکانمان کردوە بە تەوەری باس، لەبواری تەندروستیش دا، کێشەی کەمی یان نەبونی پزیشك لە گەرمیانمان دیارییکردوە، ئەمەش بەوهۆیەی کە دو پرس و بابەتی گرنگ و لەهەمان کاتیشدا ئاڵۆز و هەستیارن. ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.
هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.
هەروەك بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاك و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## 2. کارنامەی یەکە

یەکەم: ناساندن
یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێریکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.
دوەم: ئامانجی یەکە
1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.
سێیەم: کارەکانی یەکە
1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.
2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.
3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.
4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.
5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵك و حکومەت.
چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە
1.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.
2.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.
3.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەك و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

1. رادیۆی دەنگ:

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەك گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.
لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).
رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.
جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێك چالاکی هونەریی).

2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدانو پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.
(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەککگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:
گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوك بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.
ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێك قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی:(کەلار و کفری و بەشێك لە قەزای خانەقین.)
لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوك کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێك لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە،پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوك.
بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوایروخانیرژێمیپێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەیپارێزگای کەرکوك لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێك لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەیگەرمیان"ییپێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەیگەرمیان هاوشێوەیپارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتیپارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دوەم:
## راپۆرتی کێشەی کەمی پزیشك لە گەرمیان

1. ژمارەی پزیشك
2. گرفتی کەمی پزیشك لە سنوری نەخۆشخانەکانی کەلار:
3. گرفتی کەمی پزیشك لە سنوری نەخۆشخانەی کفری:
4. گرفتی کەمی پزیشك لە نەخۆشخانەی باوەنور
5. کەمی پزیشك وایکردوە پەرستارەکان رۆڵی ئەوان ببینن
6. تەندروستی گەرمیان چی دەڵێت؟

زۆری ژمارەی دانشتوانی گەرمیان و کەمی پزیشك لە سنورەکە یەکێکە لە گرفتە دیار و بەردەوامەکانی کەرتی تەندروستی لە گەرمیان و تا وەکو ئێستاش ئەو چارەسەرانەی بۆ ئەم گرفتە دانراون کاتی بوە و نەتوانراوە بە پێی پێویست گرفتەکە چارەسەر بکات یا خود بەرەو نەمانی ببات.
بۆچی گرفتی کەمی پزیشك لە سنوری گەرمیان چارەسەر نەکراوە؟ کێ دەتوانێ چارەسەری بکات؟ بە پێی رێژەی ستاندارد گەرمیان پێویستی بە چەند پزیشکە؟ چەند پسپۆری تێدایە؟
ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکە بە شیکاریەکی ورد و لە زاری کەسانی پەیوەندیدار بە بابەتەکەوە بە دەستنیشانکردنی گرفت و چارەسەرەکانی دەخەینە رو.

### 1. ژمارەی پزیشك

بە پێی داتاکانی سایتی ئیدارەی گەرمیان ژمارەی دانشتوانی دەڤەرەکە لە ساڵی (2016) دا (630) هەزار کەسە بە بێ ژمارەی ئەو ئاوارانەی لەم ماوانەی دوایدا هاتونەتە سنورەکە، بەمپێیەش ئەگەر هەر هەزار هاوڵاتی پزیشکێکیان پێویست بێت، ئەوا دەبێت لەناوچەکەدا بەلای کەمەوە 630 پزیشك هەبێت، بەڵام ئایا لەگەرمیاندا چەند پزیشك هەیە؟

لە سنوری گەرمیان دا ژمارەی پزیشکەکان ناگاتە 150 پزیشك، بەشێوەیەك (86) پزیشکی گشتی و (28) پزیشکی ددان و (23) پزیشکی دەرمانساز هەیە و ئەم رێژەیەش بەپێی تەنسیب و گواستنەوە زیاد و کەم دەکات.

هەروەك لەگەرمیاندا پسپۆڕێتی زۆر کەمە، بۆنمونە تەنها (6) پزیشکی پسپۆڕی ژنان هەیە، (4) پزیشکی پسپۆڕیی نەشتەرگەریی هەیە، هەروەها بەشێکی زۆر لە پسپۆڕییە وردەکان بونیان نییەو نەخۆشەکانی گەرمیان رەوانەی سلێمانی دەکرێن، ئەمەش لەروی مەترسی و لەروی تێچونیشەوە زیانی زۆری هەیە.

## 2. گرفتی کەمی پزیشك لە سنوری نەخۆشخانەکانی کەلار:

یاریدەدەری بەرێوبەری نەخۆشخانەی کەلار، وریا محەمەد، ئاماژە بەوە دەکات: "یەکێك لە گرفتەکان نەبونی بەشێك لەو پسپۆرییە تایبەتانەی وەك (پزیشکی مێشك و دەمار و دڵ و بۆرییەکانی خوێن)ە کە لە گەرمیان نیە".

هەروەك دەشڵێت:"لە هیچ پسپۆرییەکی تر پزیشکی تەواومان نیە".

یاریدەدەری بەرێوبەری نەخۆشخانەی کەلار، دەشڵێت: "سەرەرای زۆری ژمارەی دانیشتوان کەچی پزیشکی لوت و قورگ و گوێ و پزیشکی دەرونی یەک دانە هەیە".

هاوشێوەی هاوڵاتیان کە بەدەست کەمی ژمارەی پزیشکەوە دەناڵێنن، پزیشکانی سنوری گەرمیانیش گلەی و گازندەیان هەیە و رەخنەیان لە کارەکانی تەندروستی گەرمیان هەیە.

د.ئاکۆ ئیبراهیم، پزیشکی پسۆری نەشتەرگەری گشتی، دەڵێت: "ناردنی پزیشکی پسۆر بۆ ناوچەکان لە دەسەڵاتی وەزارەتی تەندروستیە دەبێت بە پێی رێژەی دانیشتوان بۆ ناوچەکانی بنێریت، بەڵام ناردنەوەیان لە دەسەڵاتی بەرێوبەری گشتیە کە دەبێت هەر پزیشکێ دێتە گەرمیان بە شێوازی میلاک بێت نەک بە تەنسیب، دواتر بەرێوبەری گشتی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە ئەو پزیشکە نەنێرێتەوە بۆ شوێنی خۆی تاوەکو پزیشکی تری بۆ دێت."

د.ئاکۆ ئیبراهیم، پێشتر بەرێوبەری تەندروستی گەرمیان بوە، باسلەشێوازی ناردنی پزیشك دەکات و دەڵێت:" وەزیری تەندروستی یان تەلەفونی بۆ دەکرێ یان لەرێگەی ئاشنایەتی لەگەڵ پزیشکەکان، پزیشک دەنێرێ بۆ ناوچەکان ئەمە لەکاتێکدا کاری ئەو نیە کام پزیشک بڕوات بۆ چ ناوچەیەک دەبێت بەپێی پێویستی ناوچەکە و رێژەی دانیشتوانەکەی بێت، ئەمە هۆکارێکی سەرەکیە کە گەرمیان بێ بەش دەبێت لە پزیشکی تایبەت."

ئاماژەی بەوەشکرد "(٤) پزیشکی نەشتەرگەری گشتی لەگەرمیان هەیە کە (٣) دانەیان بە تەنسیب هاتون زیاد لە چوار ساڵە لێرەن لەهیچ یاسایەک شتی وانیە چوار ساڵ تەنسیب بێت لەشوێنێک، بۆیە دەبێت پزیشک بەشێوازی جێگیربێت بۆ گەرمیان بۆ ئەوەی لە گەرمیان بە جێگیری بمێننەوەو ساڵانە پزیشکی تر وەر بگرن نەک تەنها لەجێدانان بێت."

رونیشیکردەوە: "پزیشک ئێشگر ئەبێ لەکاتی پێویست لە نەخۆشخانی فریاکەوتن ئامادەبێت لە هەر کاتێک بێت، بەڵام ئێستا بەهۆی قەیرانی دارییەوە چاوپۆشی لە پزیشکەکان دەکرێت و هەندێکجار بە تەلەفۆن نەخۆش دەنێرن بۆ سلێمانی کە ئەمە یاسایی نیە."

د. عومەر حەبیب، پزیشکی پسپۆری خێزانی، دەڵێت:"هۆکاری کەمی پزیشک نەکردنی گەرمیانە بە پارێزگا یان ناردنی پزیشکە بە پێی رێژەی دانیشتوان". وتیشی: "نەبونی شوێنی نیشەجێبون هۆکارێکی ترە کە پزیشکەکانی دەروەی شار نەتوانن بێن بۆ گەرمیان."

د. عومەر حەبیب، وتیشی:" بەرپرسی یەکەم لە کەمی پزیشک و رێک خستنی دەوام بەرێوبەری گشتیە بەڵام بەرێوبەری گشتی بەقسەی ناکرێت."

د.حسێن نوری، پزیشکی هەناوی لەنەخۆشخانەی کەلار رونیدەکاتەوە: "دابەشکردنی دکتۆر بەسەر گەرمیان کەمە وشێوازی بینی نەخۆش رێکنەخراوە".

وتیشی: "ئێمە پزیکشی نیشتەجێی خولاوی دێرین (موقیم ئەقدەم)مان نیە ئەمەش وای کردوە کە نەخۆشێکی زۆر سەردانی نەخۆشخانەبکات".

د. حسێن نوری، ئاماژە بەوەشدەکات: "لەکاتێکدا ئەبێت پزیشکی پسۆر تەنها ئەو نەخۆشانە ببینن کە نەخۆشییەکانیان تایبەتە و ئەوانەی کە نەخۆشی ئاساین ئەبێت لە بنکەو مەلبەندەکان پزیشکی نیشتەجێی دێرین (موقیم ئەقدەم ) بیان بینیت و لەکاتی پێویست بیان نێرێیت بۆ لای پزیشکی پسۆر، بەڵام لە نەخۆشخانەی کەلار پزیشکی پسۆر هەمو نەخۆشێک دەبینیت، ئەمەش وایکردوە کە قەرەباڵەغیەکی زۆر دروست بێ و نەتوانین کات بۆ ئەو نەخۆشانە دابنێین کە پێویستە لەگەڵیان بەردەوام بین بۆ ئەوەی جۆری نەخۆشیەکەی دیاری بکەین".
د.ئاسۆ عیزەت هەورامی، پزیشکی پسپۆرە لە نەخۆشیەکانی گورچیلە، جەختلەوە دەکاتەوە: "سەرەڕای کەمی پزیشک، بەڵام نا هۆشیاری خەڵک وای کردوە کە قەرەباڵەغیەکی زۆر دروست بێت ئەمەش وادەکات نەتوانین ئەو نەخۆشانە ببینین کە بەڕاستی پێویستیان بەدەرمان هەیە".
هاوشێوەی نەخۆشخانەکانی دیکە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار بێ گرفت نیە و یاریدەدەری نەخۆشخانەکە دەڵێت: "ژمارەی پزیشکانی نیشتەجێی خولاو وەك پێویست نیە و سەرباری کەمی ژمارەیان، بایکۆت و دەوام نەکردنیان یەکێکی دیکەیە لە گرفتەکان".
هەڵگورد محەمەد، یاریدەدەری نەخۆشخانەی شەهید هەژار، وتیشی: "کێشەمان لە نەبونی پزیشکی نیشتەجێی دیرین (موقیم ئەقدم) هەیە هەمو نەخۆشخانەی شارەکانی تر پزیشکی نیشتەجێی دێرین ئەو بۆشاییە پردەکاتەوە لە نێوان پزیشکی نیشتەجێی خولاو پزیشکی پسۆڕ، بەڵام لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار ئەو نێوانەی نیە کە پزیشکی نیشتەجێی دێرین دەکات."
ئاماژەی بەوەشکرد: "بەشێك لە پزیشکە پسۆرەکان لەکاتی پێویست نایەن بۆ نەخۆشخانە، ئەمەش یەکێکی ترە لە گرفتەکان".
لە روی یاساییەوە دەبێت پزیشکانی نیشتەجێی خولاو لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن بمێننەوە و پزیشك لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن نامێنێتەوە تەنها لە کاتی پێویستدا نەبێ.
د.راوێژ تەها، پزیشکی نیشتەجێی خولاو (موقیم) ئاماژە بەوە دەکات "ناهەقیەکی زۆر بەرامبەر بە خەڵکی گەرمیان و پزیشکی نیشتەجێی خولاو دەکرێت، چونکە ئێمە بەپێی یاسا ئەبێ هەمو بەشەکان ببینین وەک (هەناوی، منداڵان، ژنان و منداڵ بون، نەشتەرگەری گشتی و فریاکەوتن) نابێ پزیشک لەماوەی دو ساڵی سەرەتای تەنها لەیەک شوێن دەوام بکات و لەیەک ناوچەی دیاریکراو بێت دەبێ بڕواتە دەرەوەی شار."
دەشڵێت: "گەورەترین هەڵە ئەوەیە کە ئێمە راستەوخۆ دوای دامەزراندنمان لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان دەوامماں کرد، چونکە ئێمە ئەزمونمان نەبو لە کۆلێژ تەنها بابەتی نەزەریمان (تیۆری) دەخوێند ئەبێ دو ساڵی یەکەم لەژێر چاودێری پزیشکی نیشتەجی دێرین و پزیشکی پسۆر بین."
د.راوێژ تەها، باسی لەوەشکرد:"ئێمە چەند جارێک مانمان گرتوە لەسەر ئەوەی کەنابێت بشێوەی میلاک دەوام بکەین، چونکە دواتر نابینە پزیشکێکی تەواو بەهۆی ئەوەی تەنها لەیەک بەش بوین."

وتیشی: "بەشێکی زۆری گرفتی پزیشکانی نیشتەجێی خولاو لە گەرمیان دانانیانە لە بەشی فریاکەوتن بەو پێیەی بەشەکانی دیکە نیە بە تایبەت نەخۆشخانەی فێرکاری، هەروەك دەبێت پزیشکانی خولاو دو ساڵی یەکەم لە ژێر چاودێری پزیشکی پسپۆردا بن."
د. رانکۆ محەمەد، پزیشکی نیشتەجی خولاو، باس لە یەکێکی دیکە لە گرفتەکانیان دەکات و دەڵێت:" بە پێی یاسای عیراقی هەر پزیشکێ خوێندن تەواو دەکات ئەبێ بۆ ماوەی (٦) مانگ بۆ ساڵێك لە سەنتەری شاربێت بۆ ئەوەی بەتەواوەتی شارەزابێیت."
هەروەك وتیشی: "ناردنی پزیشک راستەوخۆ دوای دامەزراندی هەڵەیەکی زۆر گەورەیە چونکە هەم پزیشکەکە شارەزا نیەو هەم ناتوانێ بەشێوازێکی باش چارەسەری نەخۆش بکات ئەمە هۆکاری کێشە سەرەکیەکەیە لەگەرمیان."
رونیشیکردەوە:"رێژەی پزیشک بۆ نەخۆشخانەی گەرمیان کەمە هەر پزیشکێك رۆژانە نزیکەی (١٠) کاتژمێر دەوام دەکات، ئەمەش وادەکات پزیشکەکە ماندوبێت و نەتوانێ بەتەواوەتی هەق بەنەخۆش بدات."
یەکێکی دیکە لەو نەخۆشخانانەی لە سنوری گەرمیان قورساییەکی زۆری لەسەر و ژمارەیەکی کەم پزیشکی هەیە (نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و مناڵبون)ە.
بەرێوبەری نەخۆشخانەکە دەڵێت: "پزیشکی پسپۆر پێی ئەڵێن (on call ) واتە نابێت بەردەوام لە نەخۆشخانە بێت تەنها بەرێگەی تەلەفون ئاگادار دەکرێتەوە، بەڵام نەخۆشخانەکەی ئێمە پێویستی بە پزیشکی نیشتەجی دێرین و پزیشکی نیشتەجی خولاو هەیە کە دەبێت بەردەوام لە نەخۆشخانە هەبێیت وە بۆ ماوەی (٢) ساڵە ئێمە نیمانە."
د. بەناز جەلیل، بەرێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و مناڵبون، ئاماژەی بەوەشکرد:"بەشێک لە هاوڵاتیان پێیان خۆشە کە لەدەرەوەی نەخۆشخانە مناڵیان بێت ئەوە پەیوەندی بەکەمی پزیشکەوە نیە."
باسیلەوەشکرد: "رێژەی پزیشک لە نەخۆشخانەکەمان کەمە بە پێی دانیشتوانبێت دەبێ (٦٣) پزیشکی پسپۆر هەبێیت ئێمە (٥) پزیشکی پسپۆرمان هەیە (٢) پزیشکیش بەشێوازی تەنسیب دەوام دەکەن."

### 3. گرفتی کەمی پزیشك لە سنوری نەخۆشخانەی کفری:

کێشەی کەمی پزیشك سەرجەم ناوچەکانی گەرمیان گرتوەتەوە و ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی بەشێك لە نەخۆشەکانی سنوری گەرمیان رەوانەی سلێمانی بکرێت.
بەرێوبەری نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالد گەرمیانی لەکفری، هێمن محەمەد رۆستەم، باسلەوەدەکات: "نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانی سێ بەشی سەرەکی تێدایە: راوێژکاری بەیانیان کە نەخۆشی ئاسایی بەرێدەکات، بەشی فریاکەوتن و بەشی مناڵان".
وتیشی: "ژمارەی پزیشکمان بەگشتی و بەتایبەت پزیشکی پسپۆرمان لە نەخۆشخانەکە دا زۆر کەمە و بەشێک لەپزیشکەکان رۆژانە لەکەلارەوە دێن".

دەشڵێت: "گرفتی کەمی پزیشك لە نەخۆشخانەکەمان بە جۆرێکە نەمانتوانیوە پێداویستیەکانی خەڵک جێبەجێ بکەین لە دابین کردنی پزیشکی پسۆڕ بۆ ناوچەکە".
بەرێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانی لەکفری، رونیکردەوە:" چەند جارێک داوای پزیشکمان کردوە، بەڵام لە وەزارەتەوە ئەڵێن ئەگەر پزیشک هەبێ دەینێرین".
ئاماژەی بەوەشکرد:" بەشێک لەپزیشکەکان دەوام ناکەن وبەشێکیان دەوامەکەیان گواستۆتەوە بۆ سەر وەزارەتی تەندروستی عیراق و بەشێکی زۆریشیان سەفەریان کردوە بۆ دەرەوەی وڵات".

## 4. گرفتی کەمی پزیشك لە نەخۆشخانەی باوەنور

سەرباری وەزارەتی تەندروستی کە 4 نەخۆشخانەی لە سنوری گەرمیان دا هەیە، هاوکات دەزگای تەندروستی پێشمەرگەش نەخۆشخانەیەکی هەیە بەناوی (نەخۆشخانەی شەهید مەلا ئەحمەد کەلاری) کەلەناحیەی باوەنورە. ئەم نەخۆشخانەیەش بەدەست بێ پزیشکییەوە دەناڵێنێت.
موکەڕەم موبارەک، بەرێوبەری نەخۆشخانەی شەهید مەلا ئەحمەد کەلاری، دەڵێت: "نەخۆشخانەکەی ئێمە سەر بە دەزگای تەندروستی پێشمەرگەیە و ئەم دەزگایەش پزیشکی کەمە زۆر جار لەلایەن بەرێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیانەوە هاوکاری دەکرێین و پزیشکمان بۆ دەنێرن".
جەختیشدەکاتەوە:"پێوستمان بە سەرجەم پزیشکی پسۆرییە جیاوازەکانە".
موکەڕەم موبارەک، یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی کەمی پزیشکی بۆ ئەوە گەراندەوە، لەدەزگای تەندروستی پێشمەرگەوە پزیشکیان بۆ دابین دەکرێت کە ئەم دەزگایەش پزیشکی کەمە و بەرێژەی پێویست پزیشک نانێرێت.

## 5. کەمی پزیشك وایکردوە پەرستارەکان رۆڵی ئەوان ببینن

کێشەی کەمی پزیشك لە گەرمیان، چەند دیاردەو حاڵەتێکی نازانستیی و ناپیشەیی هێناوەتە ئاراوە، لەوانەش پێدانی چارەسەر لەلایەن پەرستار و کارمەندی تەندروستییەوە. کارمەندانی تەندروستیش باسلەوەدەکەن ئەم کارە بەهۆی ناچارییەوە دەکەن.
کۆچەر محەمەد، پەرستار، دەڵێت: "کەمی دکتۆر لە مەڵبەندو بنکە تەندروستیەکان وایکردوە کە بەشێک لە پەرستارەکان وەک پزیشک دەرمان بدەن بەنەخۆش و چارەسەری بکەن".
باسلەوەشدەکات "ئەگەر مەڵبەندە تەندروستیەکان ٢٤ کاتژمێر دەوام بکەن و پزیشکی لێبێت ئەوا خەڵکیش سەردانی پزیشک دەکات و ناڕوات بۆلای پەرستار".

به پێی یاسا، پەرستار و دەرمانساز ناتوانن چارەسەر بدەن بە نەخۆش تا سەردانی پزیشکی پسپۆر نەکات و چارەسەرکەی بۆ دیاری نەکات.
ئەیاد کەریم، پەرستارە و دەرمانخانەی تایبەت بە خۆی هەیە، هۆکاری سەردانکردنی نەخۆش بۆلای دەرمانخانەکان بۆ ئەوە دەگەرێنێتەوە کە ژمارەی پزیشکی پسپۆر کەمە و "خەڵک تاقەتی نەماوە بڕواتە نەخۆشخانە گشتیەکان ماوەیەکی زۆر چاوەروانی پزیشك بکات".

## 6. تەندروستی گەرمیان چی دەڵێت؟

بەشێکی زۆری ئەو رەخنە و گلەیی و گازندانە روبەروی بەرێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان دەکرێتەوە لە نەبونی پزیشك، بەرێوبەری تەندروستیش دەڵێت هەمو گرفتەکانمان داوەتە وەزیری تەندروستی بەڵام چارەسەر نەکراون.
د.سیروان محەمەد، بەرێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت:" بەرپرسانی گەرمیان هیچ باکیان بە کێشەی تەندروستی نیە چونکە کەسیان پێویستان بە نەخۆشخانەکانی گەرمیان نیەو هەموویان دەرۆنە دەرەوە چارەسەر بۆ خۆیان و خێزانەکانیان دەکەن".
بەرێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان ئاماژەی بەوەشکرد:"لەبەر نەبونی کۆلێژی پزیشکی ناتوانین هەموو بەشەکان بۆ پزییشکی نیشتەجێی دێرین بکەینەوە تەنها چەند بەشێکی کەم لەگەرمیان کراوەتەوە".
د.سیروان محەمەد، گشتی تەندروستی گەرمیان لە بارەی ئەو ژمارە پزیشکەی پێویستیانە، وتی:" تەنها نەخۆشخانەی گشتی کەلار بۆ چاودێری کردنی نەخۆش لەدوای نەشتەرگەری 18 پزیشکی نەشتەرگەری دێرینمان پێویستە، وە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن 26 پزیشکمان پێویستە، هەروەك بەشێک لە پسۆریەکان پزییشکی نیشتەجێی دێرینی نیە".
سەبارەت بە نەهاتنی پزیشك بۆ گەرمیان و کەمی ژمارەی پزیشك، باسلەوەدەکات: "ژیانی پزیشکەکان لێرە پارێزراو نیە و بەئاسانی لە پزیشکەکان دەدرێت، هیچ ئیمتیازێکی نیە وەک کرێی هاتوچۆ پارەی هاندان وە کۆمەڵێکی زۆر کە لەخوار پزیشکەوەن ئیشی پزیشک دەکەن و نەشتەرگەری بچوک دەکەن بون بە ئەمری واقع."
وتیشی هۆکارێکی دیکە: "بەرپرسی حزبی دەستوەردەدەنە کاری پزیشکەکان".

## بەشی سێیەم:
## راسپاردە

لەمیانی بەدواداچون بۆ ئەم پرسە، بەچەند خاڵ و راسپاردەیەك گەشتین کە خۆیان لەمانە دەبیننەوە:

1. وەزارەتی تەندروستی بەرپرسی یەکەمە لەم حاڵەتە، چونکە لەدابەشکردنی پزیشك دا نە رەچاوی ژمارەی دانیشتوان دەکات نە پێویستی ناوچەکە، ئەمەش بەشێکی پەیوەندی هەیە بە خراپی ئەو سیستەمەی بۆ دابەشکردنی پزیشك کاری پێدەکەن، کێشە ئەوەیە وەزارەتە سەرباری ئەوەش بیری لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە نەکردوەو هەوڵی نەداوە یاسا و رێنمایی نوێ بۆ رێکخستنی ئەو بوارە دەربچێت.

2. گەورەترین کێشە لەم بوارەدا ئەوەیە کە سیستەمی پلەبەندیی پزیشك لەگەرمیاندا نییە، واتا پزیشکی خولا و نیشتەجێی و پسپۆڕ و پسپۆڕی ورد، بەڵکو زۆرجار پزیشکی پسپۆڕ دەبێت رۆڵی پلەکانی تر ببینێت و بەپێچەوانەشەوە، گەورەترین کێشەش کەمی یان نەبون و یان مانگرتنی بەردەوامی پزیشکانی نیشتەجێی خولاوە کە وادەکات بەشەکانی فریاکەوتن بێ پزیشك بن.

3. هیچ هاندانێك نییە بۆ پزیشکان بۆ ئەوەی رو لە گەرمیان بکەن بەتایبەتی بۆ پزیشکانی تازە دەرچو (خولاو)، چونکە گەرمیان زەمینەی کاری پزیشکیی بۆ ئەو توێژە کەمە و موچەکەشیان بەهەمانشێوە کەمە، ئەمەش وادەکات زۆر پەنا ببەنە بەر مانگرتن و هەروەها هەوڵدان بۆ ئەوەی بە تەنسیب لە دەڤەرەکەدا بن و پاش ماوەیەکی کەم بگەڕێنەوە.

4. هەندێك لە پزیشکە تازە دەرچوەکان بەبێ وەرگرتنی ئەزمونی عەمەلی راستەوخۆ دەنێردرێنە گەرمیان، ئەمەش وادەکات نە خۆیان بتوانن رۆڵی خۆیان بگێرن و نە خەڵکیش لێیان رازیی بێت، ئەمە سەرباری لێکەوتەکانی تر.

5. لە مەڵبەند و بنکەکاندا، پزیشك بونی نییەو زۆر کەمن، بۆیە کارمەند ناچار دەبێت چارەسەر بنوسێت، ئەمەش پێچەوانەی یاسایەو هەروەها بەرپرسیارێتیش دەخاتە سەر مەڵبەند و بنکەو خودی کارمەندەکانیش.

6. دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە کە بۆ هاتنی پزیشکان بۆ سنورەکە جگە لە ناچارکردن، رێگەی تر هەبێت، بۆنمونە پێدانی دەرماڵەی زیاتر یان هاندان یان دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبونی تایبەت و ...هتد.

7. دەوامی پزیشکەکان تێبینی زۆر لەسەرە، بەتایبەتی لەبەشەکانی فریاکەوتن رەخنەی ئەوە هەیە لەلایەن هاوڵاتیانەوە کە پزیشك لەکاتی خۆیدا ناگاتە سەر نەخۆش، ئەمە جگە لەوەی زۆرێك لە پزیشکەکان نەخۆشەکان ئیحالە دەکەن، ئەگەرچی پزیشکەکان هۆکەی دەگێڕنەوە بۆ نەبونی بەش و پسپۆڕیی ورد، بەڵام هاوڵاتی بە "لەکۆڵکردنەوەی" تێدەگات.

8. بەپشت بەستن بەو خاڵەی پێشتر، هەست بە بۆشاییەکی زۆر لە پەیوەندیی لەنێوان پزیشك و خەڵکی دا دەکرێت، لێك حاڵی نەبونێکی زۆر هەیە، لەدیدی خەڵکی دا پزیشکەکان

تۆمەتباری خراپی رەوشەکەن، پزیشکانیش خەڵکی بە تێنەگەیشتن لە ئەرک و پیشەکەیان تۆمەتبار دەکەن.

9. ئەگەرچی گەرمیان پارێزگا نییە، بەڵام حکومەت وەك پارێزگایەك مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بەڵام ئەم مامەڵەکردنە لە تەندروستی دا وانییە، بەڵکو وەکو قەزایەك تەماشای ناوچەکە دەکرێت بەتایبەتی لەروی دابینکردنی پزیشکەوە.

10. کارکردنی پزیشکەکان رێکخراو نییەو زۆرێکیان گوێ بە دەوام نادەن و لەکاتی خۆیان ناگەنە سەردەوام، ئەمە سەرباری ئەوەی هەندێکیان بە مۆبایل ئێشکگرن و کاتیان پێدەچێت تا دەگەنە سەر نەخۆشەکان، دەبێت لەم روەوە بەدواداچون بکرێت و لێپێچینەوەی پێویست بکرێت.

11. کردنەوەی بەشی پزیشکیی لە زانکۆی گەرمیان، سودی زۆری دەبێت لە دروستکردنی کادیری پزیشکیی بۆ ئاینده، وادەکات گەرمیان چاوەڕێی دەستی ناوچەکانی دیکە نەبێت و خۆی پزیشك بەرهەم بێنێت و ئالیەتێك بدۆزرێتەوە کە ئەو پزیشکانە لە سنورەکەدا دوای دەرچون خزمەت بکەن.

**بۆپەیوەندی:**
07702303676– 07480207400
Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org